**گەڕانەوەیەک بۆ چەمکی سۆسیالیزم**................................ ١٢٤
پێشەکی........................................................ ١٢٤
چەمکی سۆسیالیزم لە ڕوانگەی مێژووییەوە........................ ١٢٧
کورتەیەک لەسەر شێوازەکانی بینای سۆسیالیزم.................. ١٣٣
سۆسیالیزم لە ڕوانگەی کۆمۆنیستەکانەوە.......................... ١٣٩
سەرکەوتنی سۆسیالیزم تەنیا لە وڵاتێکدا.......................... ١٤٧
ڕووخانی سۆسیالیزمی بەڕاستی ئارایی............................ ١٥٠
هەڵسەنگاندنی 'سۆسیالیزم'...................................... ١٦٨
کورد و سۆسیالیزم............................................... ١٧٩

# سەرچاوەکان


١ . فردیک انگلس، منشاء خانواده، مالکیت خصوصی و دولت، ترجمه مسعود احمدزاده، اسفندماه ١٣٥٠

٢ . جین شارپ و رابرت هلوی، جامعه مدنی و مبارزه مدنی، مترجم: کلانتری زاده، مهدی، انتشارات روشنگران، ویرایش و چاپ آنلاین: مرکز مطالعات دفاع استراتژیک بی خشونت

٣ . ف. پ. کوروفکین، تاریخ دنیای قدیم (جهان باستان)، جلد دوم یونان، ترجمه غلامحسین متین، انتشارات شبگیر، چاپ سوم، سال ٢٥٣٥

٤ . م. و. نچکینا و دیگران، تاریخ مختصر جهان، جلد اول، ترجمه محمد تقی فرامرزی، انتشارات دنیا، آبان ٢٥٣٦

٥ . ا. طبری، دمکراسی و سیر تاریخی آن، نوشته‌های فلسفی و اجتماعی، جلد دوم، انتشارات حزب توده ایران ١٣٨٦،

٦ . هوشنگ ناظمی(ا. نیک آیین)، ماتریالیسم تاریخی، انتشارات حزب توده ایران، چاپ جدید پاییز ١٣٩١

٧ . و. ای. لنین، دولت و انقلاب، ترجمه محمد پورهرمزان و علی بیات، چاپ سوم، ١٣٨٧، انتشارات حزب توده ایران،

٨ . میشل لووی، انسان‌گرایی مارکسیستی و دموکراسی سوسیالیستی، ترجمه‌ی آرمان پایدار، دسامبر ٢٠١٨

٩ . مارکس، جنگ داخلی در فرانسه، ١٨٧١، مقدمه فردریش انگلس بر چاپ آلمانی ١٨٩١، ترجمه باقر پرهام، نشر مرکز، چاپ اول ١٣٨٠

۲۹. گراینت پاری، اقسام دموکراسی، ترجمه موسی اکرم، دایره‌المعارف دموکراسی، جلد دوم، کتابخانه تخصیصی وزارت امور خارجه، تهران ۱۳۸۳
۳۰. کیلا شوبه‌ین، سویس، ترجمه هزمز عبدالهی، دایره‌المعارف دموکراسی، جلد دوم، کتابخانه تخصیصی وزارت امور خارجه، تهران ۱۳۸۳
۳۱. پروفسور دکتر هانس پترنویهولد، حق تعیین سرنوشت خلق‌ها یا صیانت از اقلیت‌ها، دمکراسی و انتگراسیون؟ ترجمه ناصر ایرانپور، بازاندیشی در برخی مفاهیم کلیدی فلسفه‌ی سیاسی، جلد اول، نشر روشنفگری، آلمان ۱۳۹۵
۳۲. پروفسور دکتر کریستیان پان، سازمانیابی سیاسی اقلیت‌های ملی به مثابه پیش‌شرط مشارکت دمکراتیک، ترجمه ناصر ایرانپور، بازاندیشی در برخی مفاهیم کلیدی فلسفه‌ی سیاسی، جلد اول، نشر روشنفگری، آلمان ۱۳۹۵
۳۳. بیانیه‌ی حمایت از اقلیت‌های ملی، سویس و حقوق ملیت‌ها(۱)، شورای اروپا، ترجمه ناصر ایرانپور، بازاندیشی در برخی مفاهیم کلیدی فلسفه‌ی سیاسی، جلد دوم. نشر روشنفگری، آلمان ۱۳۹۵
۳٤. رولاند چادا، ابعاد دموکراسی مذاکره‌ای، ترجمه ناصر ایرانپور، بازاندیشی در برخی مفاهیم کلیدی فلسفه‌ی سیاسی، جلد اول، نشر روشنفگری، آلمان ۱۳۹۵
۳۵. دیترش مورسویک، دمکراسی و آزادی در کشورهای چند قومی، ترجمه ناصر ایرانپور، بازاندیشی در برخی مفاهیم کلیدی فسفه‌ی سیاسی، جلد اول، نشر روشنفگری، آلمان ۱۳۹۵

له نیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدەدا، بزووتنەوەی کرێکاری توانی دیموکراسی سیاسی بەسەر بۆرژوازیدا داسەپێنێ و مافی کۆمەڵایەتی وەدست بهێنێ، بەڵام ئەمەش تەنیا لە چوارچێوەی سازان و قەبووڵی بەڕێوەبردنی ئابووریی کۆمەڵگە لە چوارچێوەی دامودەزگای سەرمایەداریدا بوو، شتێک کە بۆخۆیشی بەهۆی جەمسەریبوونی جیهان و بە قازانجی ناوەندە سەنعتییەکان سەری گرت. بەم پێیە، دیموکراسی ڕۆژئاوایی بەسراوە بە دەسەڵاتداریی سیاسییە، لە حاڵێکدا بەڕێوەبردنی ژیانی ئابووری هێشتا لەسەر بنەمای بنەواشەی نادێموکراتیکی خاوەندارییەتی خۆیی و ڕکبەرکێ دایە. شێوەی بەرهمهێنانی سەرمایەداری لە خۆیدا پێویستی بە دیموکراسی نییە، بەڵکوو سروشتی سەرکوتکەرانەی ئەو لە ئابووریی شاراوە و لە خۆبێگانەبوونی ئابووری دایە. ڕاستییەکانی ژیان پیشانیان داوە کە بەرتەسککردنی دیموکراسی لە چوارچێوەی بەشێک لە ئازادییەکاندا، بەبێ لەنێوبردنی ڕەوتی چەوسانەوەی ئینسانەکان و داگیرکەریی وڵاتەکان، ناتوانێ بە چەشنێکی بنچینەیی ئەم کێشەیە چارەسەر بکا، بە واتەیەکی دیکە دیموکراسی سیاسی بێ دیموکراسی ئابووریی وتەیەکی بێمانایە.

## سۆسیالیستەکان و دیموکراسی لیبرالی:

بەپێی لێکدانەوەکانی سەرەوە ئەم پرسیارە دێتە پێش، ئایا هێزێکی سۆسیالیست لە وڵاتێکدا کە تەنانەت دیموکراسی و ئازادیی لیبرالیش بوونی نییە، نابێ تا گەیشتن بە سۆسیالیزم، بۆ وەدەسهێنانی دیموکراسی تێبکۆشێ و دروشمی کاتی و درێژخایەنی تەنیا لە چوارچێوەی گەیشتن بە سۆسیالیزمدا قەتیس بمێنێتەوە؟ بێگومان پێش هەموو شتێک پێویستە ئێمە بە چەشنێکی میکانیکی کۆمەڵگەی خۆمان لەگەڵ ئورووپا بەراورد نەکەین، ئەو شتانەی کە ساڵیانی ساڵە لە

سیاسەتی نوێی ئەمریکا واتە "نیوودیل"[1]ی فرانکلین رۆزوێڵت لێک بدەنەوە. ئاکامی ئەم کۆبوونەوەیە داهێنانی چەمکی نیوولیبرالیزم و گەڵاڵەکردنی بیرۆکەیەک بوو کە "گرنگی دەوڵەت وەکوو پارێزەری بازاڕی ئازادی لە پێوەندی لەگەڵ مسۆگەرکردنی ڕەوتی بەڕێوەبەری قانوون دەدیت".

بەشێک لە هۆیەکانی پێکهاتنی نیوولیبرالیزم پێوەندی بە ڕێبازی ئابووری ئوتریش (نەمسا)وە هەیە. بەپێی ئەم ڕێبازە" لابردنی هەر چەشنە نفووز و کۆنترۆڵێکی دەوڵەت بۆ دەرخستنی پارە و لە ڕاستیدا سەرجەمی بەشەکانی سیستمی ئابووری، تەنیا ڕێگای گەیشتن بە بازاڕێکی راستەقینەی ئازادە". لەو کاتەدا ئابووری، ڕاستەوخۆ گرێدراوی دوو بۆچوونی لودویگ فۆن میزس(١٨٨١-١٩٧٣) و فردریش فۆن هایک (١٨٩٩-١٩٩٢) بوو، کە بە هۆی داڕشتنی چوارچێوەی سەرەتایی ئایدیۆلۆژیی نیولیبرالەکان وەک باوکی نیوولیبرالیزم پێناسە دەکرێن. لە ڕوانگەی فۆن میزس – ەوە *"خۆویستیی قانوون بنەمای کۆمەڵگەیە"* و بۆ هایکیش *"ئازادیی بازاڕ سەرتر لە ئازادییەکانی دێموکراتیکە و تەنیا کاپیتالیزم توانای مسۆگەرکردنی دیموکراسی هەیە".*

شەڕی دووهەمی جیهانی و کۆچکردنی ئابووری ناسەکانی ئوتریشی وەک فۆن میزس، فریتز مەکلاپ و مایکەڵ پۆلانی، بوو بە هۆی پەرەسەندنی بیری نیولیبرالی لە تەواوی جیهان. پاش شەڕی دووهەمی جیهانی ڕێکخراوە و ڕێبازە نیولیبرالییەکان وەکوو

---

1 New Deal
بەرنامەی ئابووری و کۆمەڵایەتیی فرانکلێن ڕۆزوێڵت پاش مەندیی گەورەی ئابووریی ئەمریکا لە ساڵی ١٩٢٩ بۆ باشترکردنی وەزعییەتی ئەم وڵاتە.

ئەنجوومەنی مۆنت پێلڕین[1] پێکهات، ئەم ڕێکخراوەیە لقە جۆراوجۆرەکانی نیولیبرالی وەکوو کۆچەرە ئوتریشییەکان، ڕووناکبیرە بریتانیاییەکانی ڕێبازی ئابووریی لەندەن و زانستگەی مەنچستر، ئەمریکاییەکانی ڕێبازی شیکاگۆ، هەروەها میلتن فریدمن و ئاڵمانییەکانی ڕێبازی فڕایبورگی لە دەوری یەک کۆکردەوە.

درەنگتر، ڕێکخراوەکانی ژووری بیروهزری نیوولیبرالیزم وەک ئەنستیتۆی کاروباری ئابووری[2] لە ساڵی ١٩٥٥ لە بریتانیا و ناوەندی کەلەپوور[3] لە ساڵی ١٩٧٣ لە ئەمریکا دامەزران. ئەم ناوەندانە دژ بە سیاسەتی کینزی و دەستێوەردانی دەوڵەت لە کاروباری بازاڕ بوون. داکەوتنی سیستمی برێتۆن وودز[4] لەساڵی ١٩٧١ کە هاوکات لەگەڵ ڕاگرتنی قابلییەتی گۆڕانی دۆلار بە دراو لە ئەمریکا بوو، دەرفەتێکی باشی بۆ بردنە پێشەوەی پڕۆژە سیاسییەکانی نیولیبرالی وەکوو "بەهرەبەری، کەمترین ڕادەی دەستێوەردانی دەوڵەت و بازاڕە ئازادەکان" پێکهێنا.

پڕۆژەی نیوولیبرالیزم لە ڕاستیدا لە لایەن کۆی چینی سەرمایەدارەوە بۆ بووژاندنەوەی هێزی چینایەتی و بەرهەڵستکردنی هێزی چینی کرێکار هاتە بەرهەم و هەوڵی ویشککردنی نەمامی لە حاڵی گەشەسەندنی کۆمۆنیزمی دەدا. هێزەکانی چەپ لە سەرەتای دەیەی

---

1 Mont Pelerin Society
2 Institute of Economic Affairs
3 The Heritage Foundation
4 Bretton Woods system
لە ساڵی ١٩٤٤ نوێنەرانی ئەمریکا، بریتانیا و ٤٤ وڵاتی دیکە لە کۆبوونەوەیەک لە برتن وودز لە نیوهەمشایر کۆبوونەوە هەتا لە مەڕ سیستمی پارەی نێونەتەوەیی پاش شەڕی جیهانی دووهەم قسە بکەن و بە بڕیاری هاوبەش بدەن. ئەم کۆبوونەوەیە بووە هۆی پێکهاتنی دوو ڕێکخراوەی جیهانی وەکوو سەندووقی نێونەتەوەیی پارە و بانکی جیهانی.

بازاڕ، ئەم دەرفەتەی بە بنگەکان دا هەتا بنکەکانی وەرگرتنی باج وەڕێ بخەن. سیاسەتە نیولیبرالییەکان لە ڕێگای سەندووقی نێونەتەوەیی پارە، بانگی جیهانی، پەیمانی ماستریخت[1] و سازمانی بازرگانی جیهانییەوە، نارەزاییەکی زیاتری لەنێو بەشێکی بەرچاوی وڵاتانی جیهان پێک هێنا. سەرنجڕاکێش، قبووڵ و بەڕێوەبردنی سیاسەتەکانی نیولیبرالی لە لایەن حیزبگەلێک وەکوو کرێکار و دێموکراتەوە بوو کە سەردەمێک خۆیان لە بەرەی چەپدا دەدیتەوە.

لە کۆتایی دەیەی ٧٠ی سەدەی بیستەم سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی لە بریتانیا، بوو بە هۆی ئاوسانی[2] ئابووری، دابەزینی بودجەی دەوڵەت و بەرزبوونەوەی خەرجومەخارجی دەوڵەتی خۆشبژیوی کرێکار، هەروەها بێکاری بەرفراوان و مانگرتنی کرێکاری و پەنابردنی دەوڵەتی حیزبی کرێکاری ئینگلیس بۆ سەندووقی نێونەتەوەیی پارە و وەرگرتنی قەرز لە ساڵەکانی ٧٦-١٩٧٥. لەم پێوەندییەدا دوو بەربژار بەرەوڕووی حیزبی کرێکار بووەوە: قوربانی کردنی بەرژوەندیی دارایی دەوڵەتی بریتانیا واتە چاوپۆشی لە "لیرەی بە هێزی ستێرلینگ" لە جیهانی سەرمایەداریی ماڵی، یاخود مل دانەواندن بۆ شەرت و مەرجەکانی سیاسەتی ڕەنج و سەختیی سەندووقی نێونەتەوەیی پارە، واتە دابەزاندنی بودجە و خەرجومەخارجی خۆشبژیوی. حیزبی کرێکاریی بریتانیا بە هەڵبژاردنی خاڵی دووهەم لە کردەوەدا دژ بە بەرژوەندیی مادی پارێزەرانی نەریتی خۆی جووڵایەوە. ئەم سیاسەتە ناڕەزایەتی و کشانەوەی لایەنگرانی دێرینەی حیزبی کرێکار و لە ئاکامدا شکستی

---

1 Maastricht Treaty

پەیمانی واژۆکراو لە ساڵی ١٩٩٢ لە نێوان ئەندامەکانی کۆمەڵی ئورووپا کە بنچینەی پێکهاتنی یەکیەتیی ئورووپا بوو.

2 Inflation تورم

پاش چاکسازییەکانی بازاڕی ئازاد لە چین بە میلیۆن منداڵ بەهۆی هەژاریی داراییەوە بۆ یارمەتیدانی بنەماڵە، خوێندنی مەدرەسەیان بەجێ هێشتووە و ملیان ناوەتە کاری هەرزان. کارخانە گەورەکانی پارچەچنین لە شانگهای، بێ هیچ چەشنە بەربەستێک دەتوانن کار بە منداڵانی ١٢ هەتا ١٥ساڵ بکەن. لە ساڵانی ٩٢ و ٩٣ دا بە هۆی دابەزینی حەقدەست و ناڕەزایەتی کرێکاران، منداڵان جێگای ئەوانیان پڕ کردۆتەوە.

## سیاسەتی هاوتەرازکردنی ئابووری[١]:

بۆ جیهانی کردنی ئاڵوگۆڕ پێویست بە گۆڕانی بنەڕەتی پێکهاتەی ئابووری و کۆمەڵایەتی وڵاتەکانە. بۆ ئەم مەبەستە بەرنامەی هاوتەرازکردنی پێکهاتەیی[٢] لە ژێر چاودێری بانکی جیهانی و سەندووقی نێونەتەوەیی پارە بوو بە هۆی داسەپاندنی ڕێسایەکی سەخت و توند، هەروەها مەندی[٣] و وێرانی ئەو وڵاتانەی کە ملیان بەم سیاسەتە دا. سیاسەتی هاوتەرازکردنی ئابووری بوو بە هۆی زۆرکردنی مەودای چینایەتی، گەندەڵیی ئابووری و لاوازکردنی بەرپرسایەتیی سیاسی.

کورتە لێکدانەوەی کاری سەندووقی نێونەتەوەیی پارە لە دوو دەیەی کۆتایی سەدەی ڕابردوو پیشاندەری پانتایی سەرنەکەوتن و بنبەستی تیۆری بە جیهانی بوونی ئاڵوگۆڕی ئازاد و بەرنامەی گەشەسەندن لەسەر بنەمای هەنارەدەکردنە. سەندووقی نێونەتەوەیی پارە لە ساڵی ١٩٨٧ لە ڕێگای قەرزدانەوە دەستی بە وەڕێخستنی

1 Economic adjustment تعدیل اقتصادی

2 Structural adjustment تعدیل ساختاری

3 Stagnation رکود

بەرنامەی هاوتەرزاکردنی پێکهاتەیی کرد. سەندووقی نێونەتەوەیی پارە بە ئەزمونی ئەم ساڵانە نەیتوانی بەڵێنەکانی خۆی بەجێ بهێنێ و ببێتە هۆی گەشەسەندنی ئەو وڵاتانە یان باشترە بگوترێ ئەو پەرەسەندنە؛ گەلێک نابەرامبەر بوو. بەپێی پێوەرە ئابوورییەکان، سیاسەتی هاوتەرازکردنی ئابووری لە وڵاتانی لە حاڵی گەشەسەندندا بوو بە هۆی هەژاری، بەرزبوونەوەی ڕێژەی بێکاری، دابەزینی ئاستی گەشەسەندنی ئابووری، چوونە سەرەوەی لاسەنگیی بازرگانی و قەرزداری و بەستراوەیی بە وڵاتانی بیانی. بۆ وێنە لە ئەفریقا ڕێژەی هەژاری لە ٢٧٠ میلیۆن لە ساڵی ١٩٨٦ گەیشتە ٣٣٥ میلیۆن لە ساڵی ١٩٩٠، لە ئەمریکای لاتین ڕێژەی خەڵکی فەقیر لە سەدا ٤١ی ساڵی ١٩٨٠ هەتا سەدا ٦٢ی ساڵی ١٩٩٢ زیادی کرد.

لە وڵاتە ئاسیاییەکان ڕێژەی ئەو کەسانەی وا لە ژێر هێڵی هەژاریدا دەژین زیادی کردووە، ئەم ڕێژەیە لە ئەندۆنێزیا ٣٩٪، لە مالێزیا ٢٧٪، لە فیلیپین ٥٨٪، لە کۆریای باشوور ١٦٪ و لە تایلەند سەدا ٣٠یيە. چوونەسەرەوەی ڕێژەی بێکاری و دابەزینی حەقدەست بۆتە هۆی خراپتر بوونی ئاستی هەژاری. لە ئەفریقا و ئەمریکای لاتین لە نێوان ساڵانی ٩١-١٩٨٠دا، ئاستی دابەزینی نرخی مامناوەندی داهاتی ساڵانەی هێزی کار بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی ٨٠-١٩٧٠ گەلێک بەرزبۆتەوە. ڕێژەی بێکاری لە ئارژانتین لە ٥.٣٪ لە ساڵی ١٩٨٥ گەیشتۆتە ٧.٣٪ لە ساڵی ١٩٨٩دا، لە بۆلیوی لە ١٨٪ لە ساڵی ١٩٨٥ بە ١٩٪ ی ساڵی ١٩٩٠، لە برزیل لە سەدا ٣.٤٪ ی ساڵی ١٩٨٥ بە ٧.٣٪ ی ساڵی ١٩٩٠ و لە نیکاراگۆئە لە ٣.٢٪ ی ساڵی ١٩٨٥ بە ١٤٪ ی ساڵی ١٩٩١ گەیشت و هتد...

بە گشتی بەڕێوەبردنی سیاسەتی هاوتەرازکردن، کاریگەرییەکی گەلێک نەرێنی و تێکدەری لەسەر ڕەوتی گەشەکردنی ئابووری لە

وڵاتانی لە حاڵی گەشەسەندندا بووە. لە نێوان ساڵانی ٩١-١٩٨٠ بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی ٨٠-١٩٦٥ مامناوەندی نرخی گەشەسەندنی ساڵانەی بەرهەمهێنانی ناسافی نێوخۆیی[١] لە وڵاتانی لە حاڵی گەشەسەندندا گەلێک دابەزیوە، تەنانەت وڵاتە سەرکەوتووەکانی ئاسیایی وەکوو کۆریای باشوور، تایوان، سەنگاپوور، هۆنگ کۆنگ، تایلەند، ئەندۆنیزیا، مالیزیا و فیلیپین سەرەڕای ئەوەی خاوەنی بەرزە نرخی گەشەسەندن بوون، تووشی دابەزینی ڕەوتی گەشەسەندنی ئابووری بوون، ئەم بارودۆخە لە ئەفریقا گەلێک دڵتەزێنترە. مامناوەند نرخی گەشەسەندنی ساڵانەی بەرهەمهێنانی ناسافی نێوخۆیی لە ساڵانی ١٩٨٠-١٩٧٠دا، لە ١.٢٪ گەیشتبووە ٢.٤٪، بەڵام لە ساڵانی ١٩٩٣-١٩٩٠ هەتا ١.٣٪ دابەزی. ئەم نرخە لە ئەمریکای لاتین بێجگە لە شیلیا لە کەمی دا. وەزعییەتی قەرز و بەستراوەیی بە وڵاتە بیانییەکانیش پاش دەستپێکی سیاسەتی هاوتەرازیی ئابووری لە وڵاتانی لە حاڵی گەشەسەندندا گەلێک خراپتر بوو، بۆ وێنە لە ماوەی ساڵانی ١٩٨٠ هەتا ١٩٩٣ ڕێژەی قەرزەکانی ئەندۆنیزیا لە ٢.٩٤ میلیاردەوە گەیشتە ٨٩.٥٣ میلیارد، لە تایلەند لە ٨.٢٩ەوە بوو بە ٥١.٤٨ میلیارد و لە هیندستان لە ٢٠.٥٨ەوە گەیشتە ٧٨.٩١ میلیارد.

ئێرانیش یەکێک لەو وڵاتانەیە کە لە دەیەی ٦٠ی هەتاوی بەهۆی هەرەسهێنانی ئۆتۆپیای ئابووری ئیسلامی، خەرجومەخارجی ماڵی شەڕ لەگەڵ عێراق، بایکۆتی ئابووریی نێونەتەوەیی و دابەزینێکی بەرچاو لە بازاڕی جیهانی نەوت، پاش وازهێنان لە خەیاڵی دامەزراندنی دەستەڵاتی "مستضعفین" و قبووڵی بڕیارنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان، کۆتایی بە شەڕ لەگەڵ عێراق هێنا. پاش شەڕ، دەوڵەتی ئێران هەوڵی خۆی بۆ ڕاکێشانی سەرمایە بیانییەکان دا و بە تایبەتی لە ساڵی

1 Gross domestic product (GDP)

١٣٦٩ی هەتاویدا پێشوازییەکی گەرموگوڕی لە لیژنەی سەندووقی نێونەتەوەیی پارە – بانکی جیهانی کرد کە بۆ یەکەم جار پاش شۆڕشی ڕێبەندانی ١٣٥٧ی هەتاوی سەردانی ئێرانیان دەکرد. ڕاپۆرتی ئەم سەردانە لە ٣٠ی ژوئیەی ١٩٩٠ لە IMF Survey لە ژێر ئەم سەردێڕە بڵاو کرایەوە: "کۆماری ئیسلامی ئێران بە شوێن گۆڕانکاریی بنەڕەتی و پێکهاتەییەوەیە". لەم ڕاپۆرتەدا باس لە ویستی دەستەڵاتدارانی ئێرانی بۆ هاوتەرازکردنی تەواوی بوارەکانی گەورە ئابووری ئەم وڵاتە، پێکهێنانی هەلومەرجی پێویست بۆ بەهێزتر کردنی بەشی خۆیی و لابردنی پەیتاپەیتای کۆتوبەندەکانی ئابووری دەکرێ.

لەم پێناوەدا، لە نێوەڕاستەکانی دەیەی حەفتای هەتاوی کاربەدەستانی حکوومەتی ئێران داوانامەیەکیان بە نهێنی بۆ ڕێکخراوەی بازرگانیی جیهانی نارد (وەرگیراو لە ڕۆژنامەی شەرق ٤.٦.٨٣) و لە کۆتایی دەیەی ٦٠ی هەتاویدا حکوومەتی ئێران هەوڵی دا، بە بەڕێوەبردنی سیاسەتەکانی هاوتەرازکردنی پێکهاتەیی، لۆژیکی بازاڕ بەسەر کۆمەڵگەدا زۆرتر داسەپێنێ و بە دێرهاتێکی ١٠ ساڵە پەیوەست بە ئەو وڵاتانە بێ کە ملیان بە شەرت و مەرجەکانی سەندووقی نێونەتەوەیی پارە و بانکی جیهانی دابوو، ئەویش لە حاڵێکدا کە بەپێی لێکدانەوەی فەرشاد مۆمنی لە کتێبی "ئابووریی سیاسیی گەشەسەندن[1] لە ئێرانی ئەمڕۆ -١٣٩٤" قەرزی ئێران بە وڵاتە بیانییەکان نیزیک بە سفر بوو"، بەڵام پاش بەکارهێنانی ئەم سیاسەتە میزانی قەرز بە وڵاتە بیانییەکان لە ساڵی ١٣٧٤ بە ٣٤ میلیارد دۆلار و ئاستی ئاوسان هەتا سەدا ٤٩،٥ بەرز بۆوە، ڕێژەی هاوردەکردنیش سنووری ٢٢،٥

---

١ توسعه

میلیاردی لەو ساڵە تێپەڕاند. ڕێژەی هاوردەکردن لە ساڵی ١٣٩٣ گەیشتە ٥٣.٥ میلیارد دۆلار.

ئەزموونی ئەم چەند دەیەیە پیشاندەری ناسەقامگیریی پارێزراوی پیشەیی، دابەزینی حەقدەستەکان و چۆنییەتی خزمەتگوزاریی بێهداشتی لەگەڵ چووونەسەرەوەی خەرجومەخارجی سەرسووڕهێنەر، دابەزینی چۆنییەتی بارهێنان لەگەڵ خەرجێکی زۆر بۆ بنەماڵەکان و زۆربوونی جیاوازیی چینایەتی، هەروەها زاڵبوونی مافیای سەرمایەداریی بوڕۆکراتیک و بازرگانیی گەورە و سپای پاسداران و هێزە نیزامییەکان لە سەر ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی ئەم وڵاتە بە هۆی سیاسەتە نیولیبرالییەکانی ئێران و خۆیی کردن واتە شیرکەتی کردنی بەشی خزمەتگوزارییەکانی دەوڵەتی، ئازادسازیی نرخەکان بە بیانووی ئامانجدارکردنی یارانەکانە. سیاسەتەکانی نیولیبراڵی و هاوتەرازکردنی ئابووری سەرەڕای داهاتی ٨٠٠ میلیارد دۆلاری فرۆشتنی نەوتی ئێران لە درێژایی سێ دەیە، ئەویش کاتێک داهاتی دراوی ساڵانە لە کاتی دەستەڵاتداریی ئەحمدی نیژاددا 2.5 بەرامبەری داهاتی مامناوەندی ساڵانەی دەوڵەتی خاتەمی، ٤.٢ بەرامبەری دەورەی ڕەفسەنجانی و ٤.٨ بەرامبەری کاتی دەستەڵاتداریی میر حوسێنی مووسەوی و ٥ بەرامبەری ٩ ساڵی کۆتایی دەستەڵاتی حکوومەتی پەهلەوی لە ئێران بووە (ڕۆژنامەی سەرمایە، ٢٥ی خەرمانانی ١٣٨٨)، نەک نەبوو بە هۆی خۆشبژیوی خەڵک و چوونەسەرەوەی ئاستی ژیانی ئەوان، بەڵکوو بەپێچەوانە، هەژاری و بەرزبوونەوەی جیاوازیی چینەکانی ئێرانیشی زۆرتر کرد.

بەپێی ڕاپۆرتی "محەممەد موخبێر دزفوولی" بەڕێوەبەری بنکەی بەڕێوەبەرایەتی "فەرمانی حەزرەتی ئیمام" ڕێکەوتی ١٧ی مانگی پووشپەڕی ١٣٩٦، "[لە ئێراندا] دوازدە میلیۆن کەس لە ژێر هێڵی

ڕەهای هەژاریدا دەژین و ٢٥ هەتا ٣٠ میلیۆن کەسیش لە ژێر هێڵی ڕێژەیی هەژاریدا ژیان بە سەر دەبەن، ئەویش لە حاڵێکدایە کە ئێران چوارەمین پاشەکەوتی نەوتی جیهان واتە لە سەدا ٩.٣ پاشەکەوتی نەوتی لەبەر دەستدایە". کوشتن و قاچاخی ئەندامانی لەشی منداڵانی ئێرانی بەگشتی یەکێک لە کارەساتەکانی هەژاری و بێپارەیی لە ئێرانە. بەپێی ڕاپۆرتی ڕۆژنامەی "بەهار"، محەممەد عەلی پوورموختار ئەندامی کۆمیسیۆنی قەزایی و حقووقی مەجلیسی ئێران ئاماژە بە کڕیدان و قاچاخی ئەندامی لەشی منداڵان، و بە تایبەتیی لە نێو بنەماڵەی گیرۆدەکانی مادەی سڕکەر دەکا. بەپێی وتەی فاتمەی دانیشوەر ئەندامی شووڕای شاری تاران لە وتووێژێک لەگەڵ میدیاکان "لە زۆربەی بوارەکاندا منداڵان ون دەبن و ئەندامەکانیان قاچاخ دەکرێ و پاش ماوەیەک لەشی بێ چاو و گورچیلەیان لە بیابانەکان دەبینرێتەوە". ڕۆژنامەی بەهار پێداگری لەوە دەکا کە قاچاخی ئەندامی لەش هەر لەو نیزیکیانە لە نێوان منداڵانی قەراخ شارنشین و منداڵانی کار و ئەوانەی لە نێو زبڵدانەکان دەگەڕێن ڕوو دەدا. ئەو منداڵانەی کە هیچ کەس پەرۆشی بوون و نەبوونیان نییە.

نرخی بێکاری لە بەهاری ١٣٩٦دا، بەپێی ڕاگەیاندنی ناوەندی ئاماری ئێران سەدا ١٢.٦ بوو و ئەم ڕێژەیە لە بەراورد لەگەڵ بەهاری ساڵی ١٣٩٥ هەتا ٠.٤٪ و زستانی ١٣٩٥ هەتا ٠.١٪ بەرز بۆتەوە.

بەپێی ئامارەکانی بانکی ناوەندیی ئێران، ئاستی ئابووریی بنەماڵەکانی ئێرانی لە دە ساڵی ڕابردوودا تا سەدا ١٥ دابەزیوە، بەپێی قسەکانی عەبدولرەزا ڕەحمانی فەزڵی وەزیری نێوخۆی ئێران، ڕێژەی بێکاران لە بەشێک لە شارەکان، سەدا شەستە، هەروەها مامناوەندی ڕادەی خواردنی گۆشت، ماسی، نان، برینج و شیر لەم دە ساڵەدا لە سەدا ٣٠ هەتا ٥٠ کەمی کردووە. مەودای خەرجی نێوان پارێزگای

تاران و پارێزگاکانی دیکەی ئێران بەلانیکەم دووقات زیادی کردووە و، جیاوازی بودجەی بنەماڵەکانی تارانی و پارێزگاکانی دیکەی ئێران لە سەدا ٤٥ لە ساڵی ١٣٨٥ی هەتاویدا گەیشتۆتە سەدا ٨٧ لە ساڵی ١٣٩٥، سەرنجڕاکێش ئەوەیە وەزعی بنەماڵەکانی پارێزگای لوڕستان و کوردستان بە بەراورد لەگەڵ پارێزگاکانی دیکە، لە ئاستێکی نزمتر دایە.

ڕاپۆرتی ناوەندی توێژینەوەی مەجلیسی شووڕای ئیسلامی لە ساڵی ١٣٩٥ لە کتێبێک بە ناوی "سەرەکیترین مەسایلی وڵات: ڕاسەری (ئەولەویەت) و ڕێکارەکانی مەجلیسی شووڕای ئیسلامی لە خولی دەیەم" پیشاندەری قەیرانێکی هەموو لایەنە لە ئێران دایە. بەپێی ئەم ڕاپۆرتە "گەشەسەندنی ئابووریی ئێران لە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی هاوتەراز لە ئاسۆی درێژخایەندا نزم بووە. مامناوەندی گەشەی ئابووریی ئێران لە نێوان ساڵانی ١٩٦٦ هەتا ٢٠١٤ بەرامبەر بە ٤.٢٪ بووە، ئەمەش لە حاڵێکدایە کە مامناوەندی گەشەی ئابووری لەو وڵاتانەی کە داهاتیان نێونجییە، هەروەها لە وڵاتانی ناوچەی ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست و باکووری ئەفریقا بەڕیز ٥.١ و ٤.٨٪ بووە. لە نیزیکەی ٥٠ ساڵدا جیاوازی لە نرخی گەشەسەندن جیاوازییەکی بەرچاوی لە ئاستی داهاتی ئێران پێک هێناوە. دەگەڵ ئەوەش، دوورەدیمەنی دەرچوون لە مەندیی ئێستای ئابووریی ئێران گەلێک نادیارە" ئێستاکە ٢.٩ میلیۆن لە ١٤ میلیۆن کرێکاری ئێرانی واتە پتر لە سەدا ٢١ی کرێکاران، بێکارن و ٢.٤ میلیۆنیش پیشەی ناتەواویان هەیە. بەپێی ئاکامی لێکدانەوەکان وێدەچێ لە ساڵی ١٤٠٠ی هەتاویدا ژماری بێکاران لە ئێران بگاتە ٥ میلیۆن کەس.

بەهۆی پەرەسەندنی نەرێنیی[1] ئابووری و نرخی سەرەوەی ئاوسان لە سالانی ١٣٩١ و ١٣٩٢دا، داهاتی سەرانەی ڕاستەقینەی خەڵک بە بەراورد لەگەڵ ساڵی ١٣٩٠ نیزیکەی سەدا ٢١ دابەزیوە. لێکۆڵینەوەی ١٧١ وڵاتی جیهان پیشانی داوە کە لە ١٠ ساڵی ڕابردوودا تەنیا ٢٦ وڵات نرخی ئاوسانی دوو ژمارەییان بووە و ئابووریی ئێران لە ڕیزی ١٠ وڵاتی یەکەم دایە.

لە ساڵی ١٣٩٠ی هەتاوی، سەدا ٧١ی دانیشتوانی ئەم وڵاتە لە ناوچە شارییەکان ژیاون، نیسبەتی تەڵاق بە هاوسەرگیری، ٢٣ بووە و ئەوە لەخۆیدا دیاردەیەکی بێوێنەی ٥٠ ساڵی ڕابردووە. بەپێی سەرژماریی ساڵی ١٣٩٥ ڕێژەی ئەو ژنانەی کە سەرپەرستیی بنەماڵەیان وەئەستۆ گرتووە لەچاو ساڵی ١٣٧٥ چۆتە سەرێ و لە یەک میلیۆن و دوو سەد هەزارەوە گەیشتۆتە یەک میلیۆن و شەشسەد و چل و چوار هەزار کەس. چوونەسەرەوەی ئاماری دۆسیە قەزاییەکان (١٥ میلیۆن)، بەرزبوونەوەی ڕادەی تەڵاق و دابەزینی ڕێژەی هاوسەرگیری، وێڕای بوونی نیزیکەی ١١ میلیۆن کەس لە تەمەنی پێکهێنانی ژیانی هاوبەشیدا، دیاریکرانی ٣١٩٥٠ نەخۆشی ئەیدز هەتا کۆتایی ساڵی ١٣٩٤ [هەڵبەت ڕێکخراوەی بێهداشتی جیهانی باس لە سەرەوەی ١٠٠ هەزار نەخۆشی HIV لە ئێران دەکا، پتر لە سەدا ٤٠یان لە ڕێگەی پێوەندیی جنسییەوە تووشی ئەم نەخۆشییە بوون]، بەرزبوونەوەی مەیلی بەکارهێنانی مادەی سڕکەر و ڕەوانگۆڕ (پتر لە ٢٣٢٥٠٠٠ گیرۆدەی دایمی و بە ئیشتیا بوون)، ئەوانە هەموو بەشێکن لە کارەساتی سیاسەتی هاوتەرازکردنی ئابووریی نیولیبرالەکانی ئێران. بەپێی ئاماری بنکەی خەبات لەگەڵ مادەی سڕکەر ژماری گیرۆدەکان

---

١ رشد منفی

له ئێران نزیکەی ٢٣٢٥٠٠٠ کەسە کە بە حیسابکردنی مامناوەندی ڕەهەندی بنەماڵە ٥.٣ کەس لە ئێران، دەکرێ ئاماژە بە تووشبوونی ڕاستەوخۆی ٨ میلیۆن و ١٣٧ هەزار و ٥٠٠ کەس بە مادەی سڕکەر بکرێ.

مووچەی مانگانەی خانەنشینەکان تەنیا لە سەتا ٤٨ی خەرجومەخارجی ژیانی ئەوان مسۆگەر دەکا. قەرزی دەوڵەت بە ڕێکخراوەی تەئمینی کۆمەڵایەتی، سەرەوەی ١٠٠ هەزار میلیاردە. لەسەدا ٨٠ی مووچە و سەربەشی خانەنشینەکان لە سەندووقەکانی سپایی و نێوخۆیی[1] لە بودجەی گشتیی دەوڵەت مسۆگەر دەکرێ و ئەمە بە مانای نابووتبوونی ئەم دوو سەندووقەیە.

لەم هەلومەرجەدا، بارودۆخی کوردستان بە بەراورد لەگەڵ پارێزگاکانی دیکەی ئێران خراپتریشە، هەژاری و بێکاری لە کوردستان تەنانەت بۆتە هۆی سەرهەڵدانی دیاردەی کۆڵبەری و کوژران و بریندار بوونی دەیان کەس لە سنووری باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان. کوژرانی کەسانێک کە بۆ مسۆگەرکردنی ژیانی بنەماڵەیان گیان و سلامەتیی خۆیان دەخەنە مەترسییەوە و هێزەکانی سەرکوتکەری ئێران بێبەزەییانە ئەوان و ئاژەڵەکانیان وەبەر گوللە دەدن و دەیانکوژن. بەپێی ڕاپۆرتێک لە ماڵپەڕی "سلامت آنلاین - ٢٦ی ڕێبەندانی ١٣٩٥"دا، پارێزگاکانی ورمێ، کوردستان و کرماشان زۆرترین ڕێژەی کۆڵبەریان هەیە و زۆرترین میزانی کوژرانی کۆڵبەرەکان لە مەریوان، سەردەشت، شنۆ، بانە و نەوسوود ڕوو دەدا. بە وتەی عەبدولکەریم حوسێنزادە نوێنەری خەڵکی نەغەدە و شنۆ لە پەرلەمانی ئێران هەموو

---

١ لشکری و کشوری

ساڵێک لە نێوان ٥٠ هەتا ١٠٠ کۆڵبەر کە تەمەنیان لە نێوان ١٠ هەتا ٧٠ ساڵە، گیانی خۆیان لەدەست دەدەن.

بەپێی لێکدانەوەکان ڕێژەی هەژاریی داهات لە کوردستان سەرەوەی سەدا نەوەدە. بە وتەی ئەحمەد میدەری جێگری بەشی خۆشبژیویی وەزیری هاریکاری، کار و خۆشبژیویی کۆمەڵایەتی، هەژاریی چەند ڕەهەندی لە پارێزگای کوردستان دەگاتە سەدا ٤٥. بەپێی وتەکانی سەید مێهدی فەڕشادان نوێنەری شارەکانی سنە، دیواندەرە و کامیاران لە پەرلەمانی ئێران: "بەپێی ڕاپۆرتی ناوەندی ئاماری ئێران نرخی بێکاری لە نێو گەنجانی کوردستان لە یەک تاقە ساڵدا، دوو بەرامبەری مامناوەندی ئێران بەرز بۆتەوە و نرخی بێکاری لە گرووپی تەمەنی ١٤-٢٤ ساڵدا نیزیکەی سەدا ١٢ لە مامناوەندی وڵات بەرزترە"، فەڕشادان هەروەها دەڵێ: "سەرەڕای ئەوەی ڕێژەی کارخانەکانی ئەم پارێزگایە و گشتییەکەکانی بەرهەمهێنەری گەورە و بچووک ٨٢٧ یەکەیە، بەڵام بەپێی ئامارە نافەرمییەکان لە سەدا ٦٠ی یەکە بەرهەمهێنەرەکانی کوردستان ناچالاک و بەپێی ئاماری فەرمی ٢٣٧ یەکە وێستاو و نیوە چالاکن. مامناوەندی چوونە سەرەوەی ئاستی هەژاریی ڕەها لە پارێزگای کوردستان لە نێوان ساڵانی ٩٠- ١٣٨٧ هەتاویدا ٦.٩٪ و میزانی هەژاری ڕێژەیی ٩.٦٪ بووە. بە وتەی سەید شاکری ئیبراهیمی نوێنەری کرێکارانی پارێزگای کوردستان حەقدەستی کرێکارانی ئەم پارێزگایە یەک لە ٣ی هێڵی دیاریکراوی هەژارییە.

بەپێی لێکۆڵینەوەیەک لە شاری مهاباد کە لەسەر بنەمای وەڵامی سەرپەرستی بنەماڵەکانی ئەم شارە لە پێوەندیی لەگەڵ میزانی داهاتیان کراوە و دەکرێ وەکوو پێوەرێک بۆ لێکدانەوەی ئاستی هەژاری لە پانتاییەکی گەورەتر لەبەر چاو بگیرێ، بەرزترین دەستەی هەبووی داهات لە شاری مهاباد لە نێوان ٢٠٠ هەتا ٣٠٠ هەزار و پاش ئەوان

دەستەی داهات لە نێوان ۳۰۰ هەتا ٤٠٠ هەزار تمەن لە مانگدایە. بەپێی ئەوەی کە بانکی ناوەندیی ئێران ٤٨٠ هەزار تمەنی وەکوو هێڵی هەژاری دیاری کردووە، لە سەدا ۹۲ی خەڵکی مهاباد لە ژێر هێڵی هەژاریدا دەژین. بێکاری لە وڵاتانی لە حاڵی گەشەسەندندا یەکێک لە هۆکارە سەرکییەکانی سەرهەڵدان و پەرەگرتنی هەژارییە و ئەمڕۆکە پتر لە سەدا ۱۵ی خەڵکی مهاباد بێکارن و سەرەوەی سەدا ۱۵ش بێکاریی نهێنی خۆیان لە ژێر سەرپۆشی پیشەی ئازاد و پڕ زەحمەتی کشتوکاڵدا شاردۆتەوە.

ئاستی سەرەوەی هەژاری و بێپارەیی بۆتە هۆی سەرهەڵدانی دیاردەی فرۆشتنی ئەندامانی لەش لە هەموو ئێران بەگشتی و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی. بەپێی وتەکانی سەید عەتائوڵڵا عەبدی سەرپەرستی پشتگری لە نەخۆشەکانی گورچیلەی پارێزگای سنە لە وتووێژێکدا لەگەڵ ماڵپەڕی "باران خبر"، "پارێزگای سنە پلەی هەوەڵی لە ئێران بۆ فرۆشی گورچیلە هەیە و هەژاریی بەرچاوی ئابووری هۆی چوونەسەرەوەی ڕادەی فرۆشی گورچیلە لە کوردستانە. عەبدی هەروەها دەڵێ لێکدانەوەی زۆربەی فایلەکان نیشاندەری پێداویستی سەختی ماڵیی ئەو کەسانەیە کە دەیانەوێ گورچیلەکانیان بفرۆشن". پەرەسەندنی بێکاری، گرانی، هەژاری، ئاستی بەرزی جیاوازیی چینایەتیی لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆتە هۆی ئاسایی بوونی دیاردەی فرۆشتنی ئەندامی لەش و سەرهەڵدانی بازرگانیی خوێناویی فڕاندن و کوشتنی منداڵان و گەنجان لە لایەن قاچاخچییەکان و کڕین و فرۆشتنی ئەندامی ئەوان لە بازاڕی ڕەشی نێوخۆیی و بیانیدا.

## کۆتایی:

سیستمی سەرمایەداری لە سەدەی بیستەمدا، سێ قۆناخی مەندی لە نێوان ساڵانی ١٩٢١-١٩٠٠، ١٩٤٩-١٩٢٩ و ١٩٨٢-١٩٦٥ تێپەڕاندووە. لە ڕوانگەی ئابووریی سیاسیی مارکسییەوە بەرهەمهێنانی "زێدە سەرمایە" و ناتەبایی "دەرخستن و ویستنی" کەلوپەل هۆی سەرەکی قەیرانی سیستمی سەرمایەدارییە. نیشانەکانی ئەم قەیرانە بریتین لە دابەزینی بەهرەی سەرمایە، بەرزبوونەوەی وزەی بەرهمهێنانی پەنگخواردوو، کەڵەکەبوونی قەرز و زۆربوونی جیاوازیی چینایەتی. لە دەیەی ١٩٧٠دا قەیرانی کەڵەکەبوونی سەرمایە، پەرەسەندنی بێکاری و ئاوسانی بێوچان و خێرا، کاریگەرییەکی نەرێنی لە سەر هەمووان بوو. قەیرانی سێهەمی سەرمایەداری و ناڕەزایەتی گشتی لەم بارودۆخە نالەبارە، هەروەها بەیەکگەیشتنی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیی کرێکاری و شاری لە بەشێکی بەرچاو لە جیهانی سەرمایەداریدا، ڕێخۆشکەرێ ڕەوتی زاڵبوونی بیروهزری نیولیبرالی وەک وڵامێکی ئایدیۆلۆژیک بە قەیرانی"دەوڵەتی خۆشبژیویی کێنزی" و کۆتایی هاتن بەم سیاسەتە ئابوورییە (کێنزی) لە زۆربەی وڵاتە سەرمایەدارییەکانی جیهان بوو.

لە سەرەتای دەیەی ١٩٨٠ – وە، تاچێریزم لە بریتانیا و ڕێگانیزم لە ئەمریکا ڕێخۆشکەری ڕەوتی خۆیی کردن و پەرەسەندنی نیو لیبرالیزم لە هەموو جیهانی سەرمایەداریدا بوون. بە شوێن ڕووخانی یەکیەتیی سۆڤییەت، گشت خولی مێژووی خاوەندارییەتی دەوڵەتی بە چەشنێکی بەرچاو پاشگەز کرایەوە. بە شوێن ئەم پاشگەزبوونەوە، ئەوەی کە ڕووی دا بریتی بوو لە دەستپێکی چەرخی سەربزێوی سەرمایەداری و گەڕانەوە بۆ خاوەندارییەتی خۆیی شیرکەتەکان و دووربوونەوە لە خاوەندارییەتی گشتی و دەوڵەتی، هەروەها هەڵوەشاندنەوەی ڕێساکانی دەوڵەتی بۆ پیشەسازی و بەشە

جۆراوجۆرە ئابوورییەکان،ماڵیکردنی کۆمەڵگە و، بەم هۆیە بازاڕی بوونی هەرچی زۆرتری پێوەندییە کۆمەلایەتییەکان، هەروەها دابەزینی ئاستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری و شتومەکی خۆڕایی، یان "یارانەی دەوڵەتی". نیولیبرالیستەکان خوازیاری کرانەوەی سنوورەکان بۆ سەرمایە و کەلوپەلی سەنعەتی و ئازادیی بازاڕی کاری جیهانین. مەبەستی سیاسەتەکانی نیوولیبرالیزم لە ئازادیی بازاڕی کاری جیهانی هەڵوەشانەوەی تەواوی ئەو یاسایانەیە کە لە بەرژەوەندیی کرێکاران پەسەند کراون، هەروەها لە نێوبردنی یەکیەتیی کرێکاران و گرێبەستەکانی کۆیی نێوان کرێکار و خاوەنکارەکان، هەڵوەشاندنەوەی یاسای دایمی کار و جێگیرکردنی لانیکەمی حەقدەست بۆ بەرهەمهێنەرەکان، کە وەکوو کۆسپێک لە سەر ڕێگای یاسای بێعەیبی بازاڕ پێناسە دەکرێن. بەڕێوەبردنی سیاسەتی نیولیبرالی و ڕێکارنامەکانی سەندووقی نێونەتەوەیی پارە و بانکی جیهانی لە زۆربەی وڵاتاندا بۆتە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی ئاوسانی ئابووری، بێکاری، گرانی، هەژاری، دابەزینی ئاستی خدمەتگوزاری لە تەواوی ئاستەکان، پەرەگرتنی گەندەڵی ئابووری و، بەرزبووونەوەی ئاستی نەخوێندەواری. بەرزبوونەوەی نابەرامبەریی سامان و سەروەت و داهات. هەروەها بەرزبوونەوەی ئاستی جیاوازیی چینایەتی، ئاکامی سیاسەتی ئابووریی نیولیبرالییە.

## سەرچاوەکان


١. جوزف استیگلیتز – پایان رؤیای امریکایی. ترجمەی پرویز صداقت، ٢٠١٢

٢. دیوید هاروی، تاریخ مختصر نئولیبرالیسم، ترجمە د. محمود عبداللەزادە، نشر اختران ١٣٨٦

٣. گفتوگوی السا بولت با دیوید هاروی، ١٥ مارچ ٢٠١٣، ترجمەی پرویز صداقت، سایت نقد اقتصاد سیاسی

٤. اسکات لش، جامعە شناسی پست مدرنیسم، ترجمەی حسن چاوشیان، نشر مرکز، ١٣٨٤

٥. بینگ یان لی، چین زیر نفوذ نئولیبرالیسم، برگرفتە از کتاب چین در عزیمت، اما بە کدام سو، ترجمە خ، طهوری

٦. گفتوگویی با وندی براون دربارە نولیبرالیسم، علیە ارزشهای نولیبرالی، رحمان بوذری،وبلاگ میدان، ٢٦ بهمن ١٣٩٦

٧. احمد سیف، نئولیبرالیسم، بڵاوکراوەی سایتی کتابناک

٨. خسرو صادقی بروجنی، نئولیبرالیسم در بوتەی نقد،(مجموعە مقالات) نشر الکترونیکی، پاییز ١٣٩٠

٩. ب. کیوان، بحران توسعە و توسعە بحران: سیستم اقتصادی – اجتماعی نولیبرالی خطری جدی برای حیات بشریت.

١٠. زهرە روحی، بازبینی تجربەهای نئولیبرالیسم: ریشەها و پیامدها، جهان کتاب، سال دوازدهم، شمارە ٩-١

١١. سید حامد وارث، سیاست تعدیل اقتصادی در کشورهای در حال توسعە، چگونگی اشاعە، آثار و پیامدها، پژوهشنامەی اقتصادی صص١١٦- ٩٣

١٢. آزاده شعبانی، بهشت نئولیبرالیسم: ٤٤ درصد کودکان آمریکایی در فقر زندگی می‌کنند، *اکتبر ١٢, ٢٠١٥*

١٣. ٤٥ سال نئوليبراليسم در بريتانيا، نيمي از كودكان در شهرهاي بزرگ انگليس در فقر به سر مي برند، مجله هفته

١٤. کین بیرچ و ولاد می‌خننکو، خاستگاه‌های ایدئولوژیک و تاریخی نئولیبرالیسم، مترجم: امین گنجی

١٥. جورج مونبیو، همه ما نئولیبرال هستیم، ترجمه محمد معماریان، سه شنبه ٥ مرداد ١٣٩٥

١٦. غالب ابو مصلح، نئولیبرالیسم و «جهان سوم». برگردان: احمد مزارعی، مجله هفته، *سپتامبر ١٠, ٢٠٠٩*

١٧. چند میلیون نفر در ایران زیر خط فقر مطلق قرار دارند؟، سایت تحلیلی خبری عصر ایران ١٥ تیر ١٣٩٦

١٨. نرخ بیکاری در کردستان به دو برابر میانگین کشوری افزایش یافت. خبرگزاری تسنیم، ٧ آذر ١٣٩٦

١٩. رحمت بهرامی، تحلیلی بر فقر شهری در استان کردستان، مهندسی جغرافیایی سرزمین، دوره دوم، شماره ١، بهار و تابستا ١٣٩٦، صص ١/١٤

٢٠. می‌گل هشترودی، فاجعه‌ای بیخ گوش تهران؟ اعتراف یک نماینده شورای شهر در رابطه با قاچاغ اعضای بدن، سایت روزنامه بهار، شماره ٢١٩، ١٢ تیر ١٣٩٦

٢١. عمده‌ترین مسائل کشور در حوزه اجتماعی. مرکز پژوهش‌های مجلس شورای اسلامی، اداره کل هماهنگی و برنامه‌ریزی پژوهشی، اداره انتشارات و مجله، چاپ اول ١٣٩٥

٢٢. دستمزد کارگران کردستانی یک سوم خط فقر است، خبرگزاری دانشجویان ایران"ایسنا" ٢١ بهمن ١٣٩٦

٢٣. زندگی«کولبرها»؛ چهره عریان رفاه اجتماعی در مناطق محروم، سلامت آنلاین، سه‌شنبه ۲۶ بهمن ۱۳۹۵

۲٤. جمعیتی که هرروز به زیر خط فقر سقوط می‌کنند، آراز آذربایجان، نخستین روزنامه آذربایجان غربی، چهارشنبه, ۱۵ شهریور ۱۳۹۶

٢٥. منصور عزیزی، دکتر علی موحد، دکتر فرزانه ساسانپور و نعمت کرده، تحلیلی بر وضعیت فقر شهری(مطالعه موردی: شهر مهاباد)، فصلنامه اطلاعات جغرافیایی، دوره بیست و سوم. شماره نودم، صص ٦٠/٦٩

٢٦. داغ فقر بر کلیه کردستانی ها/کردستان مقام اول فروش کلیه را دارد. سایت کُردتودی،

٢٧. جرمی ریف کین، ترجمه حسن مرتضوی، پایان کار، زوال نیروی کار جهانی و طلوع عصر پسا بازار، انتشارات دانش ایران، چاپ اول ١٣٧٩

۲۸. نرخ تورم و شاخص بهای کالاها و خدمات مصرفی، بانک مرکزی جمهوری اسلامی ایران

29. Candace Smith, A Brief Examination of Neoliberalism and Its Consequences, Oct. 2, 2012
30. Susan George, A Short History of Neoliberalism, 24 March 1999
31. Stephen Metcalf, Neoliberalism: the idea that swallowed the world, Fri 18 Aug 2017 06.00 BST

